# هەڵبژاردن لەعیراق.. نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز شێرکۆ بێکەس و"لیژنەی باڵای بزوتنەوەی ریفراندۆم"

بەڕێز شێرکۆ بێکەس

بەڕێزان لیژنەی باڵای بزوتنەوەی ریفراندۆم ..




خەسرەو سایە

k.saya@ukonline.co.uk


هەروەك ئاگادارن پرۆسەی هەڵبژردن دەستی پێکردووە و ماوەیەکی یەکجار کەمیش لەبەردەم خەڵکی کوردستاندا ماوە بۆ ئەوەی ئەمجارەش لەسەر و ئیرادەو خواستی ئەوانەوە ژیان وداهاتوویان لەچوارچێوەی دەوڵەتێکدا لەقاڵب نەدرێت کەرایان لەسەری وەرنەگیراوە. هاوکات هەمووومان ئاگاداری ئەوەین کە یەکێتی وپارتیش ئەمجارەش لەپێناو قازانجی خۆیان و وەرگرتنی پلەوپایەیان لەدەوڵەتی داهاتووی عێراقدا بەلیستی هاوبەشەوە بەشداری لەهەڵبژاردنەکاندا دەکەن و بگرە بەناوی "پرۆسەی دیموکراسی عێراقی"یەوە هانی خەڵکی دەدەن تابەشداریبکەن. ئەمەش لەکاتێکدایە کەنەك هەر پرس و رای خەڵکی کورستانیان وەرنەگرتووە، بەڵکو بەم سیاسەتە چەوتەیان جارێکی تر خەڵکی کوردستان و داهاتووەکەیان دەبنەوە نێو سیناریویی کێشەو شەری نێوان دەستەو تاقمی قەومی و ئیسلامی لەسەر کورسییەکانی دەسەلات.

هەڵبژاردنێك کەئەمڕۆ لەژێر سایەی داگیرکاری و جەنگی تیرۆریستانی ئیسلامیدا بەرێوە دەچێت جگەلەوەی کە هیچ مەرجێکی قانونی تێدانییەو هیچ فەزایەکی بۆ دەنگدانی ئازادانە و هەڵبژاردنێکی دیموکراسیانە نەهێشتۆتەوە، بەهیچ جۆرێك ولەهیچ ئاستێکدا ماف و ئازادییەکان و نان و ئەمنەیەت بۆخەڵکی عێراق ناهێنێتەدی، بەڵکو دەسەلات و حکومەتێك کەڵی دەکەوێتەوە لەرزۆك و ناپێەدار و هاوشێوەی دەسەلاتێکە کە ئەمریکا و داروودەستەی ئیسلامی و قەومی لەئەفغانستاندا بەناوی دیموکراتییەوە بەسەر خەڵکیدا دایان سەپاند. بەلام ئەوەی لێرەدا دەبێ بهێنرێتەوە یادی هەمووان وبەتایبەتی ئەو خاڵەی کە بە داهاتووی خەڵکی کوردستانەوە پەیوەندی راستەوخۆی هەیە، ئەوەیە کەئەم هەڵبژاردنە هەنگاوێکی ترە لەسەر راستای سیاسەتەکانی ئەمریکا بۆ سازدانەوەی دەوڵەت لەعێراقدا، بەتایبەتی کە ئەمریکا تەنها رژێمی بەعسی نەروخاند بەڵکو سەرتاپای دەوڵەتی تێکداو ئێستاش گەرەکیەتی بەپێی نیازو بەرژەوەندییەکانی خۆی دەوڵەتێك دابمەزرێنێتەوە لەعێراقدا تانمونەکەی بکاتە دیاری بۆ دەوڵەتانی تری رۆژ هەلات. ئەوەشی لەم پرۆسەیەدا روون وئاشکرایە ئەوەیە کەئەمریکا لەهیچ جێگایەك و بەهیچ شێوەیەك نەك هەر دانی نەناوە بە خواستی بەرپاکردنی ریفراندۆمێك بۆ خەڵکی کوردستان تا ئارەزومەندانە بەمانەوە یان جیابوونەوە لەم پرۆسەی دەوڵەتسازکردنەدا بەشداربێت، بەڵکو ئامادەیە ئیمتیاز بە هەردەستەو تاقمێکی قەومی عەربی و ئیسلامی بدات و بیان گەیەنێتە دەسەلات و بەپێی بەرژەوەندی ئەوانیش دەستور و یاسای دەوڵەت ببرێنێتەوە.

بەلام ئەگەر ئەمە نیازی رۆشنی ئەمریکایە لەم کایەیەو لەم پرۆسەیەی دەوڵەتسازکردنەوەدا، ئەوا خەڵکی کوردستان رێگایەکی تریان لەبەرەو دەتوانن فرسەتی ئەوە وەربگرن کەئەمجارەش بەوینە سالانی 20 ی دوای جەنگی جیهانی یەکەم نەچن و ئەمجارەش بەزۆر نەلیکندرینەوە بەدەوڵەتێکەوە کە خۆیان رەزامەندییان لەسەر نییە. بۆ ئەمەش ئەرکی هەرلایەن و کەسانێکە کە هەلویستی راشکاوانەو جەرئانەی خۆی لەراستای بریارو داهاتووی ئازادانەی خەڵکی کوردستان بۆ داوای بەرپاکردنی ریفراندۆمێك بەرلەهەڵبژاردنەکانی عێراق راگەیەنی و لەم نێوەشدا ئێوە کەناوی "لیژنەی باڵای بزوتنەوەی ریفراندۆم" تان لەخۆتان ناوە لەهەمووان زیاتر لەگەل ئەم هەلویستەدا بەرەو رووەدەبنەوە. خەڵکی کوردستان ئەگەر بەزۆر و ئەگەر بەهۆی سیاسەتە چەوتەکانی یەکێتی وپارتی و بەناوی دیمکراتیزەکردنی عێراق و وەرگرتنی فیدرالیزمەوە بکێشرێنە نێو هەڵبژاردنەکانەوە و دەوڵەتی جێگای نیازی ئەمریکاو هاوپەیمانانی قەومی و ئیسلامییان پێ بهێندرێتەدی، ئەوا لەچاو خەڵکی شارەکانی بەغداد و بەسرادا دووجار زەرەرمەند دەبن، یەکەمیان ئەوەی کە وەك هەر هاو وڵاتییەکی تری عێراقی چەقوی شەریعەت و قەومگەرایی دەنرێتە بانسەریان و مافی هاوڵاتی یەکسان و ئازادییە فەردی ومەدەنییەکانیان لەدەست دەدەن و دوومیشیان ئەو سەربەخۆییەی کەلەدوای راپەرینەوە بەکردەوە وەك دەستکەوتێك لەئاکامی قوربانی و خەباتێکدا بەدەستیان هێناوە دەی دۆرێنن و بەپێویست دەبێ بچنەوە ژێر سایەی یاسا و سیاسەت و کارنامەی دەوڵەتی مەرکەزییەوە و ئەمەش یانی گێرانەوەی ستەمی نەتەوایەتی و پلەدووکردنی خەڵکی کوردستان و هەموو ئەوبەلاو نەگبەتیانەی کەلەرابردوودا بەهۆی دەوڵەتی مەرکەزییەوە کراوەتە نەسیبیان. ئەمە ئەمە یانی دانانی خەڵکی کوردستانە لەبەردەم ئیحتمالی شەرو پەلامارێکی تری سەربازی بۆ سەرشارەکانی کوردستان و دەستپێکردنەوەی دەورەیەکیتر لەشەری نێوان رژێم و خەلك.

بەڕێزان:

بەهەموو پیوانەیەك بەشداری لەهەلبژاردنی ئیستای عیراق بەبی بەرپاکردنی ریفراندمیکی ئازادانە بۆ پرسی مانەوە یان جیابوونەوەی کوردستان خەلکی تیا زەرەر مەند دەبی و دەکرینە قوربانی سیایەتیك کەئەمریکاو ئەحزابی دەسەلاتدار گرتویانەتەبەر و بەیکجاریش ئەو فرسەت و دەستکەوتە لەباردەبا، کەخەلکی کوردستان سالانیکی زۆرە لەپیناویدا قوربانی داوە و تەحمووڵی رۆژگارەکانی کیمیاباران و ئەنفال و ئاوەرەیی کردووە، تابەهەلومەرجی ئیستایان گەیشتوون. بەلام لیرەدا ئەو پرسیارانە راستەوخۆ رووی لەئیوەیە کەئایا ئیوە چی دەکەن و چ هەلویستیکتان لەهەلبژاردنەکان و سیاسەتیك گرتووە کەئەحزابی دەسەلاتداری کوردستان پەیرەوی لیدەکەن؟ ئایا ئیوەش لایەنگری بەشداری کردنی خەلکی کوردستانن لەهەلبژاردنەکاندا؟ ئەگەرنا بیدەنگی ئیوە چی دەگەیەنی جگەلەوەی کەکات لەدەست بچی و چارەنوسی خەلکی کوردستان بسپیردریت بەسیاسەتی یاریکردنی یەکیتی وپارتی؟ پاشان ئیوە 2ملیۆن ئیمزای خەلکتان کۆکردەوە، ئەم دەنگانەتان بۆچی‌یەو دەتانەویت کەی بیخەنەبەردەم لایەنەپەیوەندی دارەکان تا ئاگاداری ئەوە بن کە2 ملیۆن ئیسان هەیە داوای بەرپاکردنی ریفراندۆمیك دەکات لەپال هەلبژاردنی عیراقدا؟ بەراستی وەلامی ئیوە چی‌یە بەو هەزاران خەلکە شەرافەت مەند و ئازادیخوازەی ناوەوەو دەرەوەی کوردستان کەبەئومیدی بەبەرپارکدنی ریفراندۆمیك و خستنەرووی داوای جیابوونەوەی کوردستان، دەنگی ئیعتماد و  نوینەری کردنیان بەئیوەدا؟ ئایا وەلامی ئیوە بۆ ئەوان دەست وەستان و بیدەنگە هەلبژاردنە؟ ئایا ئەم سیاسەت و هەلویستەی ئیوە خیانەت نی‌یە بەدەنگ وئیمزای ئەو 2 ملیۆن کەسەی کەبەناوی"بزوتنەوەی ریفراندۆم"ەوە بەئیوەیان بەخشی؟  بەراستی ئەگەر "بزوتنەوەکەتان ئاشی سیاسەتەکانی یەکیتی وپارتی ناگیریٚ و بەراستی "بزوتنەوەیەکە بۆداوای ریفراندۆم"، لەمەکات هەستیارتر و چارەنوسسازتر کامەیە تالەپال خەلکدا راوەستن و پەیامی ئەو 2 ملیۆن ئیمزایەی هاتۆتەدەستتان بگەیەننە شوینی خۆی؟  ئایا کات لەمە گرنگتر هەیە کەداوابکەن ریفراندۆمیك پیش هەلبژاردن بۆ تەکلیفی داهاتوی خەلك لەکوردستاندا بەرپابکری؟ ئایا هیچ شتیك لەوە سادەتر و هەقانیەتدارتر هەیە کەهەرئەمر و هەر ئیستا بەهەمووتواناوە هەمووان لەپال خەلکی کوردستاندا راوەستین و داوەبکەین کە لەپال صندوقەکانی دەنگدان بە عەلاوی و یاوەرو سیستانی و باقر حکیمەکان و تالەبانی وبارزانی و ئەوانەی تردا صندوقیکیش بۆئیمە خەلکی کوردستان دابنین تا دەنگ بدەیەن بەداهاتووی خۆمان ؟

خەلکی کوردستان  لەداوای ریفراندۆمیك بۆ پرسی سەربەخۆیی ئا یان نا؟ تەنها نین، پشتیوانی خەلکی ئازادخوازی دنیا بەفراوانی رووی لەئیمە و خواستەکانمانە. هاوکات قەیرانی دەولەتانی ناوچەکە و بی ئاسویی‌یەك کە لەسیاسەتی ئەمریکادا بەرچاوە، ریسوایی دەستەو تاقمی ئیسلامی و دەسەلات لەمەرکەزی عیراق تادەگات بە بیزاری‌یەك کەخەلك لەسیاسەتەکانی یەکیتی وپارتی هەیانە..هەموو ئەمانە فرسەت بەخەلکی کوردستان دەدەن تا دەوری میژوویی خۆیان بگیرن. تەجروبەکانی خەلکیش لە تەیموری رۆژ هەلات وریفرانۆدم لەکیبك تا دەگات بە شکست پیدانی هەلبژاردن لەلایەن خەلکەوە لەئۆکرانیا و دەیان نمونەی تر ئەوە دەسەلمینن کەتەنها هیزی جەماوەر و خەلك خۆیانن دەتوانن هەرداوایەك کەهەیانە لەهەر هەلومەرجیکدا بیچەسپینن. خەلکی کوردستانیش هیز و توانا وبروایان لەخەلکی نیو ئەم نمونانە کەمتر نی‌یە. ئەوەی ماوە خستنەرووی سیاسەتی دروست و هەلویستی ئینسانی و کۆکردنەوەی جەماوەر و ریکخراوکردنیانە بەدەوریدا. من لەریگای ئەم نامەیەوە بانگەوازتان دەکەم بۆ شکاندنی ئەلقەی بیدەنگیتان و راوەستانتان لەکەنار ئیمەو خەلکی کوردستان بۆ داوای "ریفراندۆم پیش هەلبژاردن.. ریفراندۆم بۆ پرسی سەربەخۆیی کوردستان ئا یان نا؟" . بەپیچەوانەی ئەمەوە دلنیاتان دەکەمەوە لەوەی کە ئیتر ئیوە نەك ناتوانن بەروالەتیش بیت هەلگری  "ووشەی ریفراندۆم"بن بەلکو لایەنگرانی بیئاگای خۆشتان ریگاتان پینادات جاریکی‌تر بەناوی ریفراندۆمەوە خەلکی فریوبدەن..

ئومیدم وایە لەم بارودۆخەدا ریگای راستی بگرنەبەر.. لەگەل ریزمدا

**خەسروسایە**

**کەمپینی ریفرانۆدم  بۆ سەربەخۆیی کوردستان**

**2004/12/13**